**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بـڕیـار**

**ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠١٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان – عێراق ژمارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هـەموارکراو پێمـان دراوەو، بـە پاڵپشـتی ئـەو یاسـاکارییەی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمـارە (١١) لـە٢٠/ ٥/٢٠١٥ بریارمانـدا بەدەرکردنی:-

**یاسای ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٥**

**یاسای هەمواری دووەمی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی**

**ژمارە ( ١٨٨ )ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی ( ١ ):**

بڕگەی (٤) لە ماددەی (٥٧)ی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان لە کاردەخرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

٤ –

أ ـ هەریەك لە دایك و باوك مافی بینین و، مانەوەی منداڵەکانیان هەیە لە پاش جیابوونەوە و نەمانی پەیوەندی هاوسەرگیری و، نەمانی یەکێکیان، ئەو مافە بنەچەکانیش دەگرێتەوە.

ب ـ تەنها دایەنی منداڵ (باوك یان دایك)، لە دوای نەمانی ئەوانیش ئەو کەسەی مافی دایەنی هەیە بە پێی یاسا بەرکارەکان سەرپەرشتی پەروەردە و فێرکردن و بواری کۆمەڵایەتی منداڵ تا تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵ دەکات.

ج ـ بینین لە ماوەی شیرەخۆریدا لە مانگێکدا دووجار دەبێت لە شوێنێك کە لەسەری رێك دەکەون، لە حالەتی رێك نەکەوتن، لە شوێنێك دەبێت کە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات.

د ـ لە پاش شیرەخۆری کات وشوێنی مانەوە بەپێی رێکەوتنی هەردوولا دەبێت، لە حالەتی رێك نەکەوتن مانەوە هەفتانە (٢٤) بیست وچوار کاتژمێر بەسەریەکەوە دەبێت لە شوێنێك کە کەسی

داواكاری بینین (غیر حاضن) دیاری دەكات بە پێی بەرژەوەندی دایەنكراو، پاش كۆتایی هاتنی بینینەكە دەبێ دایەنكراو بداتەوە دەستی دایەن بە پێچەوانەوە تا مانگێك مافی بینینی نابێت.

هـ ـ ئەگەر دایەن رێگەی لە بینینی دایەنكراو گرت بەبێ پاساوی رەوا لەلایەن جێبەجێكاری داد ئاگادار دەكرێتەوە، ئەگەر دووبارەی كردەوە بەپێی بڕیاری دادگای تایبەتمەند بۆ ماوەی مانگێك دایەنی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو كەسەی كە بەپێی یاسای بەركار ئەو مافەی پێدەدرێت.

و ـ سەفەركردنی دایەنكراو بۆ دەرەوەی وڵات تەنها بەڕەزامەندی دایك و باوك دەبێت، لە كاتی نەمانیاندا كەسی دایەن بەپێی یاسا ئەو مافەی دەبێت، هەر لایەكیان سەفریان پێكرد دەبێت بەڵێننامەیەك بدات كە پابەند بێت بە گەڕاندنەوەی بۆ وڵات.

ز ـ ئەندامی داواكاری گشتی لە دادگای باری كەسیدا چاودێری بە چاكی جێبەجێكردنی بڕگەكانی سەرەوە دەكات و لەكاتی بوونی سەرپێچیشدا رێكاری یاسایی پێویست وەردەگرێت.

**ماددەی ( ٢ ):**

لایەنە پەیوەندیدارەكان رێنمایی پێویست دەردەكەن بۆ ئاسان جێبەجێكردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی ( ٣ ):**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

**ماددەی ( ٤ ):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی ( ٥ ):**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی ( وەقایعی كوردستان ) جێبەجێ دەكرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

٢٠١٥/٦/١٧

## هۆیەكانی دەرچوواندن

لە پێناو پاراستن و فەراهەم كردنی مافەكانی منداڵ و پێدانی دەرفەتی یەكسان بە باوك و دایك بۆ پەروەردەی منداڵەكانیان و، جێبەجێكردنی بنەماكانی شەریعەت و جاڕنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەكانی تایبەت بە مافەكانی مرۆڤ و مافی منداڵان و، چارەسەركردن و كەمكردنەوەی دەرهاوێشتە نەرێنییەكانی جیابوونەوە لەسەر منداڵان ، ئەم یاسایە دانرا.